Kurdistannet کوردستان نێت

# لێدوانی گرێگۆری پاو

## نوێنەری پەیوەندار بە تاوانەکانی رژێم

## بۆ پەرلەمانی کوردستان.

ئەوە خواستی منە کە ئەمرۆ لە بەردەمی ئێوەدا ئامادە دەبم .

میللەتی کورد هەمیشە هەستێکی وای لای ئێمە دروستکردووە کە هەست بە پێشوازی گەرم بکەین.هەر ئەوەش وای لێکردووین کە هەر هەموومان حەزبکەین لە ماوەی پێنج مانگی رابردووی کارکردنماندا بێینە شارو هەرێمە جوانەکەتان .

من ناوم ((گرێگۆری پاو))ە نوێنەری پەیوەندارم بۆ تاوانەکانی رژێم لە لایەنە سەرۆك جورج بۆشەوە دیاریکراوم بۆ هاریکاریکردنی داددگای تایبەتی عێراق بۆ لێکۆلینەوەو دادگایکردنی ئەندامانی رژێمی پێشو لەسەر ئەو کارە درِندانانەیدژ بە خەلکی عێراق ئەنجامیانداوە.

ئێمە لەگەلّ دادوەرو لێکۆلەرەکانی دادگای تایبەتی عێراق لە بەلگەکان دەکۆلینەوەو دلنیاش بن کە داددگای تایبەتی عێراق باشترین دادگاو میکانیزمە بۆ بە دیهێنانی ئەم کارە گرنگە وەك زۆربەتان ئاگادارن و دەزانن ئیمە بەردەوام هاریکاری داددگای تاییبەتی عێراقمان کردووە بۆ لێکۆلینەوەو دەرهێناونەوەی لاشەکان لە گۆرە بە کۆمەلەکاندا،لەهەموو شوێنی قوربانیەکان هەرێمەکاندا، کە قوربانی تاوانە درِندەکانی سەددام حوسێن بوون.ئێمە بەردەوام لەگەلّ پەیوەندداره عێراقیەکاندا لەسەر پرۆژەی دەرهێنانەوەی لاشەکان کاردەکەین و لەم بوارەشدا لێکۆلینەوەمان لەسەر دووگۆری بە کۆمەلّ ئەنجامداوە.

سەردانی ئێمە لە یەکێك لە گۆرە بە کۆمەلەکاندا ئێسکو پروسکی ۲۰۰ژن و مندالمان دۆزیوەتەوە هەر هەموشیان تاك تاك لەدواوە گوللە نراون بە سەریانەوەئەو قوربانیانە هەموو بە یەکەوە ژیانیان هاوشیوەو،جلوبەرگی هەمە جۆر ،زێرو کەلوپەلی مالەوە ،خواردن و دەرمان یان لەگەلدا بووە،/ هەندێك لە قوربانیەکان مندالّی ساوان و هەروەها ئێمە لە نێو قوربانیەکاندا مەزەندە دەکەین دایکی ئەو ساوایانەش هەبن ،هەموو هەولێکیشمان داوە ناسینەوەی ناسنامەی قوربانیەکان و مێژوویان و خێزانەکانیان ،ئەوەی ئێمە هەستمان پێ کردووە قوربانیەکان خەلکی گوندیکی بچوکن لە رۆژهەلاتی قەزای دوکان بن ،لەو ناوچەیەدا

که ئێوه ئاگادارن سەددام حوسێن و هێزەکانیان یەکەم شالاوی ئەنفالیان تیادا ئەنجامداوه و وا دەردەکەوێت هەر له ماوەی ئەو شالاوەدا هەموویان کوژراون ،بەلام نەمانتوانیوه لەمه زیاتر بزانین و چی زیاترمان بۆ دەربکەوێت.

گۆره به کۆمەلەکەی دوەمیش ئێسکو پروسکی ١٦٠پیاوی تێدایە،وەك دەردەکەوێت هەموویان جلوبەرگی کوردەواریان لەبەردابووه،هەروەها بۆمان دەرکەوتوه لە زۆربەی حالەتدا چاویان دەرهێنراون،لەهەندێ حالەتی دیکەشدا دەستی راستیان لەگەل پیاوێکی دیکه بەستراوەتەوه، ئەم پیاوانه به بەچەکی ئۆتۆماتیکی کوژراون (مەبەست رەشاش و کلانشیکۆفه) له نێو لاشەکانیشدا گوللەمان دۆزیوەتەوه ،له هەمانکاتدا ئێمه لەمبارەوەیەوەدەمانەوێت بزانین ئەوانەی تەقەیان کردووه چۆن ئەم کاره درندانەیان ئەنجامداوه.

ئێمه دەستمان کردووه به لێکۆلێنەوەیەکی وورد لەسەر هەر یەك له قوربانیەکان و حالەتەکەمان به دیکۆمێنت کردووه و هەولیش دەدەین لەو بارو دۆخه تێبگەین که بونەته هۆی مردنیان و لەسەر ئەم مەسەلەیه دەمێنینەوه

ئێمه لێرەین بۆ راپۆرت لەسەر کارەکەمان ،هەروەها بۆ داواکردنی یارمەتی ئیوەش ئێستاش پێویستمان به چەندین رێگه هەیە،ئێستا کاتی ئەوەیه چی بکەین،ئێمه ئەو زەمەنەمان تێپەراند باسی لەو کردەوەیه بکەین ، ئێستا پێویستمان به کارکردنه .

ئێمه پێویستمان بەوەیه خێزانی ئەو قوربانیانه بدۆزینەوەو بزانین خێزانەکەیان چی له بارەی بێ سەرو شوێنەکەیان دەزانن ،خێزانی قوربانیەکان پێویستیان بەوه هەیه دیداریان له گەل دا بکرێت،بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەیان له تواناد هەیه پێشکەش به لێکۆلینەران و دەستەی دادگای تایبەتی عێراق بکەن

ئێمه پێویستمان بەوەیه بتوانین باس له ئەنفالی یەکەم و سەرجەم تاوانەکانی ئەندامانی رژێمی پێشو بزانین ، ئەمەش ئەو رێگەیەیه که دەبی کاری پێبکەین بۆ ئەوەی عەدالەت بتوانێت ئەم قوربانیانەلەو تاوانه درندانه بدۆزێتەوه.

ئێمه پێویستمان به یارمەتی هەیه بۆئەوەی بەردەوامبین له کارکردن لەسەر گۆره به کۆمەلەکان،دەتوانم باس له کارەکەمان بکەم بەوەی توانیومانه چەند قوربانیەك بگوێزینەوەو دەشتوانین ئەم چەند نموونەیه بەکاربهێنین له بەردەمی دادگا.هەروەها وەك ئاماژەم پێ کرد ئەم کاره دەرهێنانەوەی لاشەی گۆرەکان کارێکی مرۆییه و بۆ ئەوەی له دەرهێنانەوەی لاشەکان بەردەوام بین و بینگێرینەوه بۆ میللەتی کورد ،لەگەل رێزو تەقدیر بۆ هەمو

ئەوانەی کە خۆشەویستیان لە دەست داوە.

ئێستا کاتی ئەنجامدانی ئەم پرۆژە گرنگەیە و دەبێ دەستی پێ بکەین ،دەبێ گوشار بخەینە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی هاریکاری پێشکەش بەم پرۆژەیە بکەن ،داوا لە ڕێکخراوە نا حکومیەکان بکەن بۆ ئەوەی هاریکاری بکەن و سەرچاوەیان هەیەو ئێوەش پێویستانە ،ئێستا کاتی کارکردنەو زەمەنی باسکردنی ئەو تراژیدیانە بە کۆتا هات .

ئەمە کارێکی زۆر گەورەیە ،تەنها لەو ١٢ گۆڕە بە کۆمەڵەی دۆزراوەتەوە، تەنها لە دووگۆڕی بە کۆمەڵدا نزیکەی ٤٠٠هاوڵاتی تێدابوون و پێشتریش ئاماژەم پێکردن،هەممویان قوربانی ڕژێمی پێشوون و هەموشیان کوردن لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا نێژراون. ئەم کارە کارێکی گرانە ،بەلام من دەزانم ئەم پرۆژەیە بۆگەلی کورد چەند گرنگە هەروەها دڵنیام سەرکەوتوو دەبین و ناستەنگەکان دەخەینە لاوە،

دووبارە سووپاستان دەکەم بۆ ئەو کاتەی ئەمڕۆ بۆتان ڕەخساندم بۆ ئەوەی بۆ ئێوە بدوێم شەرەفێکی گەورەشە کە بەشێك بم لەم پرۆژەیەو زۆر خۆشحالیشم کاری لێکۆڵینەوە لەگەڵ دادگای تایبەت بە عێراق بکەم دڵنیام ئێوە هاریکار دەبن بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژە گرنگە سوپاستان دەکەم...